# دۆزینەوە مەزنەکە

## پڕبوون لە ڕۆحی پارسا

دوو هاوڕێ دەیانڕوانیە مەزنیی وهێزی تاڤگەکانی
نیگارا.
یەکێکیان گوتی :
"ئەمە مەزنترین هێزی سەر زەویە کە بەکارنەهێنراوە ".
هاوڕێیەکەی وەلامی دایەوەو گوتی :
"نەخێر هاوڕێ ، مەزنترین هێزی سەر زەوی کە
بەکارنەهێنراوە
هێزی ڕۆحی پارسایە.
هێزێکە پەرجوو دروست دەکات... و ژیان دەگۆڕێت

ئایا دەزانیت بە هێزی ڕۆحی پیرۆز ( الروح القدس ) دەکرێت هەموو ڕۆژێك ڕۆژی سەرکەوتن بێت بۆ تۆ ؟

سێ ڕاستی هەیە یارمەتیت دەدەن تاکو بەم ئاما نجە بگەیت :

١ . پێش ئەوەی مەسیح قەبووڵ بکەیت وەکو ڕزگاریدەرێك بۆ خۆت ، خۆت جڵەوی ژیانی خۆتت بەدەست بوو

.هەمووشمان وەك مەڕی ونبوو بووین ، هەر یەکێکمان بە ڕێگای خۆیدا دەڕۆیی ... ( ئیشایا ٥٣ : ٦ ) .

٢ . کاتێك مەسیحت قەبووڵ کرد ، ڕۆحی پیرۆز لە نێو تۆدا نیشتەجێ بوو .

گەر ڕۆحی خودا لە ناوەڕۆکتان بێت ، ئەوا ئێوە لە ژێر دەسەڵاتی لەش نین، بەڵکو لەژێر دەسەڵاتی ڕۆحدان .

( ڕۆما ٨ : ٩ ) .

٣ . ڕۆحی پیرۆز ڕێگە خۆشکەرە بۆ هەر باوەڕدارێك بەژیانێکی خۆشی و ئاشتی بژیت ، ژیانێکی تەواو و پڕ لە شادی .

بایەخدان بە لەش مردنە ، بەڵام بایەخدان بە ڕۆح ژیان و ئاشتییە . ( ڕۆما ٨ : ٦ ).

کتێبی پارسا سەبارەت بە ڕۆحی پارسا دەدوێ و دەفەرمووێ :

١. ڕۆحی پارسا خودایە .

بەلام پەترۆس پێی گوت : ئەی حەنانیا ، بۆچی ڕێگەت بە شەیتان دا بچێتە دلت ... تۆ درۆت لەگەل خەلك نەکرد بەلکو لەگەل خودا . (کردارە: ٣-٥) .

٢. ڕۆحی پارسا لە هەموو باوەڕدارێك نیشتەجێ دەبێت گەر مەسیح قەبوول بکات وەکو ڕزگاریدەرێك بۆ خۆی .

ئایا دەزانن ئێوە پەرستگای خودان و ڕۆحی خوداتان تێدا نیشتەجێیە؟ . (١کۆرنتۆس ٣ : ١٦) .

٣. ڕۆحی پارسا فێرمان دەکات .

بەلام دلنەوادەر، ڕۆحی پارسا ، کە باوك بە ناوی من دەینێرێت ، هەموو شتێکتان فێردەکات و هەموو ئەو شتانەی پێم گوتوون بیرتان دەخاتەوە . (یۆحەنا١٤: ٢٦) .

٤. ڕۆحی پارسا یارمەتی بێ هێزییکەمان دەدات .

**هەروەها ڕۆحی پارساش یارمەتی بێ هێزیمان دەدات . چونکە ئێمە نازانین بە چی شێوەیەك پێویستە نوێژ بکەین ، بەلاّم ڕۆحی پارسا خۆی بۆمان دە پاڕێتەوە بە شێوەیەك بەدەم باس ناکرێت . ( ڕۆما٨ : ٢٦ ) .**

٥. ڕۆحی پارسا وادەکات ژیا نمان بەروبوومی ڕۆحی بدات .

**بەروبوومی ڕۆح بریتیە لە : خۆشویستن ، شادی ، ئاشتی ، پشوودرێژی ، ڕۆح سووکی ، چاکەکاری ، دەسپاکی ، نیان و بێگەردی . ( غەلاّتیە٥ : ٢٢، ٢٣ ) .**

٦. ڕۆحی پارسا هێزمان پێدەدات تاکو گەواهی بۆ مەسیح بدەین .

**بەلاّم کاتێك ڕۆحی پارساتان بەسەردا ئاوێتە دەبێ هێز بەدەست دەهێنن و دەبن بە گەواهیدەر بۆ من لە ئۆرشەلیم و هەموو جولەکەستان و سامیرە و تا ئەو پەڕی زەوی . ( کردارا١ : ٨ ) .**

### کتێبی پارسا باس لە سێ جۆر مرۆڤ دەکات :

**یەکەم : مرۆڤی ئاسایی ( گوناهبار )**

ئەو جۆرە مرۆڤەیە کە هێشتا مەسیحی قەبووڵ نەکردووە وەکو ڕزگاریدەر ، ڕۆحی پارساش لە مرۆڤی ئاسایی نیشتەجێ نابێت . ( ١کۆرنتۆس ٢ : ١٤ ) .

**مرۆڤی ئاسایی ناتوانێت ئەوەی هی ڕۆحی خودایە قەبووڵی بکات چونکە نەزانە و ناتوانێت لێی تێبگات .**

ئەم وێنەیە ئاماژە بە مرۆڤی ئاسایی ( گوناهبار ) دەکات .

لە وێنەکەدا تێبینی ئەوە دەکەین :

* مەسیح لە دەرەوەی بازنەی ژیانە .

* خودی گوناهبارەکە زاڵە لەسەر تەختی ژیانی خۆی .

* ئەم مرۆڤە پێویستی بە قەبووڵکردنی عیسای مەسیحە وەکو ڕزگاریدەرێك لە ژیانی خۆی .



دووەم : مرۆڤی ڕۆحی

کاتێك مەسیح قەبووڵ دەکەین وەکو ڕزگاریدەرێك ... ڕۆحی پارسا لە نێوماندا نیشتەجێ دەبێت .

گەر ڕۆحی خودا لە ناوەڕۆکتان بێت ، ئەوا ئێوە لەژێر دەسەلاتی لەش نین ، بەڵکو لەژێر دەسەلاتی ڕۆحـدان . بەلام گەر کەسێك ڕۆحی مەسیحی نەبێت ، ئەوا سەر بەمەسیح نییە . ( ڕۆما٨: ٩ ) .

کاتێك لە ڕۆحی پارسا پڕدەبین دەهێڵین مەسیح حوکمڕان و پێشەوایی ژیا نمان بکات ، کتێبی پارسـاش ژیانی پڕبوو لە ڕۆح بەم شێوەیە باس دەکا : بەروبوومی ڕۆح بریتیە لە : خۆشویستن ، شادی ، ئاشتی ، پشوودرێژی ، ڕۆح سووکی ، چاکەکاری ، دەسپاکی ، نیان و بێگەردی . ( غەلاتیە٥: ٢٢، ٢٣ ) .

کاتێك بۆ ڕەزامەندی خودا ، عیسای مەسیحی پەروەردگار دەکەین بەحوکمڕان و پێشـەوای ژیا نمان ، ئارەزووی خوێندنەوەی کتێبی پارسا و نوێژکرد نمان لەلا دروست دەبێت ، هەروەها باسی پەروەردگار عیسـا بـۆ خەڵکی دیکە دەکەین و ئارەزووی هاوبەشی دەبێت لەگەڵ باوەڕدارانی دیکە .




ئەم وێنەیە ئاماژە بە مرۆڤی ڕۆحی دەکات.

لەوێنەکەدا تێبینی ئەوە دەکەین :

* مەسیح وەکو ڕزگاریدەر لە ژیانی نیشتە جێیە .

* مەسیح لەسەر دڵی دانیشتووە و حوکمڕانی ژیانی دەکا .

* خودی ئەو کەسە لە ڕاژەی مەسیحە و گوێڕایەڵی ئەو دەکات .

* لەبەر ئەوەی دەهێڵێت ڕۆحی پارسا پێشەوایی ژیانی بکات ، بۆیە بە ژیانێکی پڕ لە بەروبوومی ڕۆحی پارسا دەژیت .

سیفەتەکانی ئەم باوەڕدارە :

+ مەسیح زاڵە لەسەر تەختی ژیانی + نوێژدەکات و وەڵامدانەوە بەدەست دەهێنێت + لە ووشەی خودا تێدەگات + پڕدەبێت لە هێزی ڕۆحی پارسا + خەڵك بەدەست دێنێ بـۆ مەسـیح + متمانەی بـە خودا هەیە و گوێڕایەڵی دەبێت + ژیانی ئەو کەسە خۆشویستن ، شادی ، ئاشتی ، پشوودرێژی ، ڕۆح سـووکی ، چاکەکاری ، دەسـپاکی ، نیان و بێگەردی تێدا ڕەنگ دەداتەوە .

## سێهەم : مرۆڤی جەستەیی

ئەو مرۆڤەیە کە مەسیحی قەبووڵ کردووە لە ژیانی خۆی . بەڵام هێشتا جەختی لەسەر ڕازیکردنی خودی خۆی هەیە و ڕازیکردنی مەسیحی پشتگوێ خستوە و پشتی بە هێزی خۆی بەستووە .

ئەی برایان ، من نەمتوانی وەك ڕۆحییەکان لەگەڵتان بدوێم ، بەڵکو وەك جەستەییەکان و وەکو ساوایان لە مەسیح . من شیرم دا ئێوە نەك خواردن ، چونکە هێشتا پێتان نەدەخورا ، بەڵکو ئێستاش پێتان ناخورێ ، چونکە تا ئێستاش جەستەیین . چونکە هێشتا ئیرەیی وململانێ و دووبەرەکیتان تێدایە ، ئایا ئێوە جەستەیی نین و وەکو مرۆڤانە ڕەفتار دەکەن ؟ . ( ١کۆرنتۆس ٣ : ١ – ٣ ) .




ئەم وێنەیە ئاماژە بە مرۆڤی جەستەیی دەکات .

لە وێنەکەدا تێبینی دەکەین کە :

* مەسیح هێشتا نیشتەجێی ژیانیەتی وەکو ڕزگاریدەرێك .

* مەسیح بەتەواوی حوکمڕانی ژیانی ناکات .

* خود لەسەر تەختی دڵی دانیشتووە و جڵەوی ژیانی بەدەستەوەیە .

سیفەتەکانی ئەم باوەڕدارە:
متمانەی تەواوی بەخودا نییە - زۆرجار لە خودا یاخی دەبێ - بایەخ نادات بەبانگێشتکردنی خەڵك بـۆ مەسـیح - ژیانە ڕۆحـیەکەی لاوازە - بـایەخ نادات بـەخوێندنەوەی ووشـەی خودا - زۆرجار بـیرۆکەی شەڕانگێزی بەسەریدا زاڵ دەبێ - لەوانەیە پڕ بێت لە ئیرەیی و ڕەخنەگری و هەمیشە دڵەڕاوکێ و هەسـت بە سووچباری و زوو تووڕەبوون و بەکوێلەبوون بۆ نائومێدی .
- هەندێك جار هەوڵ دەدات خودا ڕازی بکات .. بەلاّم خۆی وا دێتە بەرچاو کە ناتوانێت ئەوە بکات .
ئەوەی دەیکەم تێی ناگەم ، چونکە ئەوەی دەمەوێ نایکەم ، بـەڵکو ئەوەی ڕقـم لێیەتی ئەوە دەکەم ...
جونکە دەزانم لەمندا ، واتە لە لەشم چاکە ناژیت . من دەمەوێ ئەو چاکەیە بکەم ، بەلاّم ناتوانم بیکەم . من ئەو چاکەی دەمەوێ نایکەم ، بەڵکو ئەو خرا پەی کە نامەوێ ئەوە دەکەم ... ئەی منی مرۆڤی لاسـار ! کێ لە جەستەی ئەم مردنە ڕزگارم دەکات ؟ . ( ڕۆما٧: ١٥، ١٨، ١٩، ٢٤ ) .

دەرئەنجام ، باوەڕداری جەستەیی ، ئەوەی جەخت لەسەر ڕازیکردنی خود دەکا ، لەژیانیدا چێژ وەرناگرێ لەگەڵ پەروەردگار ، بەڵکو زۆربەی کات بە ژیانێکی بەزیو دەژی ، هەندێك جاریش وەکو یەکێکی بێ باوەڕ ڕەفتاردەکا. ئێستا ... تۆ لەمانە لە کام جۆرە مرۆڤی ؟

مرۆڤی ئاسایی




مرۆڤی جەستەیی




مرۆڤی ڕۆحی




دەتەوێ لەمانە ببیت بە چ جۆرێکیان ؟

چۆن مرۆڤی جەستیی دەتوانێت ببێتە مرۆڤێکی ڕۆحی ؟ ... بە باوەڕ .

بە باوەڕ ڕزگاربوون بەدەست دەهێنیت کاتێك متمانە بە عیسای مەسیح دەکەیت و دەبیت بــە ڕۆڵەی خودا .

هەروەها بە باوەڕ ڕۆژانە پڕدەبیت لە ڕۆحی خودای پارسا و لەژێر دەسەڵاتی ئەو دەبیت بە مرۆڤێکی ڕۆحی .

ئێستا دەتوانیت بەم سێ هەنگاوانە بهێڵێت ڕۆحی پارسا پڕت بکا و پێشەوای ژیانت بێ :

١. دان بەگوناهەکانت بنێ بۆ پەروەردگار .

گەر دانمان بەگوناهەکانمان نا ، ئەوا ئەو دەستپاك و داد پەروەرە ، لە گوناهەکانمان خۆش دەبێت و لە هەموو خراپەیەك پاکمان دەکاتەوە . ( ١یۆحەنا١ : ٩ ) .

دان پێدانان ئەمانە دەگرێتەوە :

... ڕێککەوتنی تۆ لەگەڵ خودا کەوا تۆ دەرحەق بە ئەو گوناهت کردووە .

... سوپاسکردنی خودا کەوا لەمەسیحدا گوناهەکانت بەخشران .

... تۆبەکردن ، ئەویش بەوەستان لە گوناهەکردن و گەڕانەوە بۆ لای پەروەردگار .

٢. خودت پێشکەشی پەروەردگار بکە .

ئەندامەکانتان وەك ئامێری خراپە مەدەنە گوناهە ، بەڵکو خودی خۆتان بدەنە خودا وەکو مردوویێکی زیندوو بووەوە ، ئەندامەکانیشتان وەکو ئامێری پاکی بدەنە خودا . ( ڕۆما٦ : ١٣ ) .

تاكو بەژیانێكی پڕبوون بەڕۆحی پارسا بژین ، دەبێ حەزبكەین عیسای مەسیح حوكمڕانی سەرهەموو شتێكی ژیا نمان بێت ، لەسەرهەمووكات ... وسامان ... و پەیوەندیەكا نمان لەگەڵ خەڵكی .

٣ . باوەڕت هەبێ كە خودا لە ڕۆحە پارساكەی خۆی پڕت دەكا .

دوو شتی گرنگ هەیە دەبێ لەبیرمان بێت. فەرمانی خودا و بەڵێنەكەی .

أ ) فەرمانی خودا :

خۆتان بەمەی سەرخۆش مەكەن ئەوەی ئابڕووتكانی تێدایە ، بەڵكو خۆتان بەڕۆح پڕ بكەن .

( ئەفەسۆس٥ : ١٨ ) .

ب ) بەڵێنی خودا :

ئەمەش ئەو متمانەیە كە لەلای ئەو هەمانە ، گەر شتێكمان بە گوێرەی خواستی ئەو داوا لێكرد گوێمان لێ دەگرێت . ( ١یۆحەنا٥ : ١٤ ) .

داواكاریەكەت بۆپڕبوون لە ڕۆحی پارسا لەگەڵ خواستی خودا هاوئاهەنگە چونكە ئەوفەرمانە لەلای ئەوە ، وەكو لە ( ئەفەسۆس٥ : ١٨ ) دا هاتووە ، بۆیە بەدڵنیایی وەڵامت دەداتەوە .

باش بزانە ... ئێمە بەباوەڕ پڕدەبین لە ڕۆحی پارسا .
بەنوێژکردنیش گوزارشت لە باوەڕمان دەکەین .. ڕەنگە بتەوێ نوێژێکی وەها بەرزبکەیتەوە :

ئەی باوکی ئاسمانی .. من پێویستیم پێتە تاکو بەڕۆحە پارساکەت ببیتە خودانی ژیانی من .. تا ئێستا خۆم پێشەوایی ژیانی خۆم بووم .. ئێستا دانی پێدا دەنێم کە ئەو کارەم گوناهە بوو .. دەمەوێ پەشیمان ببمەوە لەو گوناهە و تۆبەی لێ بکەم .. ئەی پەروەردگار .. خۆم بەتۆ دەسپێرم .. یارمەتیم بدە تاکو گوێڕایەڵی تۆ بم .. سوپاست دەکەم ئەی پەروەردگار چونکە لەم گوناهەم خۆشبووی .. منیش ئێستا گوێڕایەڵی فەرمانەکەت دەبم و بڕوا بە بەڵێنەکەت دەکەم کەوا پڕم دەکەیت لەڕۆحی پارسا .. لە هەمووی ناخمەوە سوپاست دەکەم ئەی پەروەردگار چونکە پڕت کردم لەڕۆحی پارسا وەك ئەوەی بەڵێنت دابوو .. ئەم نوێژە بەناوی عیسای مەسیحی پەروەردگار بەرزدەکەمەوە .. ئامین .

ئایا دەتەوێ داوا لە پەروەردگار بکەیت تاکو پڕت بکات لەڕۆحی پارسا ؟
ئایا دەتەوێ ئێستا ئەم نوێژە بکەیت و ئەو داوایە بکەیت ؟

## چۆن دەزانیت کە پڕبوویت لەڕۆحی پارسا ؟

ئایا نوێژت کردووە و داوات لەخودا کردووە پڕت بـکات لە ڕۆحــە پارسـاکەی ؟ ئایا دەزانیت ئێسـتا تۆ پڕ بـوویت لەڕۆحی پارسا ؟ دەتوانیت بزانیت و دڵنیا بیت بە متمانەکردن بـە بـەڵێنەکەی خودا لە کتێبـی پارسـا . بـاوەڕو متمانەت کوێت مەکە ، بەچاوەڕوانکردن بۆ هەستە تایبەتەکان ... ئەم وێنەیە پەیوەندی لەنێوان ڕاستی و بـاوەڕو هەستەکان ڕوون دەکاتەوە .




١. **ڕاستی** ( فارگۆنی جولێنەر ) ئاماژەیە بۆ خودا و ووشەکەی ئەوەی بناغەی ئەو هێزەیە کە ژیا نمان دەجوولێنێت و پێشەنگیەکەی دەکات .

٢. **باوەڕ** ( فارگۆنی سوتەمەنی ) ئەوەش متمانە بە خودا و ووشەکەیەتی .

٣. **هەست** ( فارگۆنی سەرنشینەکان ) ئەوەی هەبێت یان نا ئەویان بناغەکە نییە .

شەمەندەفەرەکە دەتوانێت بە فارگۆنی سەرنشینەکانەوە یاخود بێ ئەو هەر ڕێ بـکات . بـەڵام نەفامییە گەر هەوڵی ڕاکێشـانی شەمەندەفەرەکە بدرێت بە فارگۆنی سەرنشیتەکان . ئێمەش بەم شێوەیە پشت بەهەست و نەستەکان نابەستین بـەڵکو بـاوڕمان ( متمانەمان ) دەخەینە سەر خودا و ڕاستی بەڵێنەکانی ووشە پارسـاکەی .

## چۆن ژیانت بەردەوام دەبێت بە پڕبوونێکی هەمیشەیی لە ڕۆحی پیرۆز ؟

گەر دیسان گوناهت کرد و تەختی ژیانت گەڕاندەوە تا لەسەری دانیشێت ، دەبێ کرداری هەناسەدانی ڕۆحی بکەیت .

١. هەناسەدانەوە ( دەرهێنانی گەنیوەکە ) : دانا پێدانان بەگوناهەکانت بۆ پەروەردگار و تۆبەکردن لەگوناه و گەڕانەوە بۆ گوێڕایەڵیکردنی خودا .

گەر دانمان بەگوناهەکانمان نا ، ئەوا ئەو دەستپاك و داد پەروەرە ، لەگوناهەکانمان خۆش دەبێت و لەهەموو خراپەیەك پاکمان دەکاتەوە . ( ١یۆحەنا١ : ٩ ) .

٢. هەناسەوەرگرتن ( تێکردنی خاوێن ) : داواکردن لە پەروەردگار تاکو دووبارە لەسەر تەختی ژیانت دانیشێت ، تا دیسان پڕ بیتەوە لەڕۆحی پیرۆز .

ئەندامەکانتان وەك ئامێری خراپە مەدەنە گوناهە ، بەڵکو خودی خۆتان بدەنە خودا وەکو مردووێکی زیندوو بووەوە ، ئەندامەکانیشتان وەکو ئامێری پاکی بدەنە خودا . ( ڕۆما٦ : ١٣ ) .

فەرمانەکەی خودات لەبیر بێت لە ( ئەفەسۆس٥ : ١٨ ) ..

خۆتـان بەمەی سەرخۆش مەکەن ئەوەی ئابڕووتکانی تێدایە ، بەڵکو خۆتـان بەڕۆح پڕ بکەن .

بەڵێنەکەی خوداشت لەبیر بێت لە ( ١یۆحەنا٥ : ١٤، ١٥ ) .

ئەمەش ئەو متمانەیە کە لەلای ئەو هەمانە ، گەر شتێکمان بە گوێرەی خواستی ئەو داوا لێکرد گوێمان لێ دەگرێت . گەر متمانەمان هەبـێ کەوا هەرچییەك داوا بـ ـکەین گوێمان لێ دەگرێت ، ئیدی دەزانین ئەوەی داوامان لێی کردووە بەدەستمان هێناوە .

هەرچەندەی ڕۆحی پارسا هەر گوناهێکت لە ژیان بۆ دەربخات ئەوا بە هەناسەدانێکی ڕۆحی هەناسەیەك دەدەیت و دیسان دەگەڕێیتەوە بۆ ژیانی پڕ لە خۆشی و ئاشتی و شادی . بەم شێوازە بـهێڵە ڕۆحـی پارسـا بەردەوام پڕت بکاتەوە . ئەوسا عیسای پەروەردگار هەموو ڕۆژێك بە دانیشـتووی **لەسـەر** تەختی ژیانت دەمێنێتەوە .

## کاتێك ڕۆحی پارسا دەبێتە پێشەوای تۆ و جڵەوبەدەستی سەرژیانت :

١. بەروبوومی ڕۆح لەژیانت زیاتر و زیاتر دەبێت :

بەروبوومی ڕۆح بریتیە لە : خۆشویستن ، شادی ، ئاشتی ، پشوودرێژی ، ڕۆح سووکی ، چاکەکاری ، دەسپاکی ، نیان و بێگەردی . ( غەلاتیە٥: ٢٢، ٢٣ ) .

٢. نوێژەکەت کاریگەردەبێت :

لای یەکتری دان بەگوناهەکانتان بنێن ، نوێژ لە پێناو یەکتری بکەن تاکو چاك ببنەوە ، داواکاریی بەکوڵی مرۆڤی پاك زۆر کاریگەرە . ( یاقوب٥: ١٦ ) .

٣. تێگەیشتنت بۆ کتێبی پارسا زیاد دەبێ :

هەموو کتێب لە خوداوە بە سرووش هاتووە و سوودبەخشە بۆ فێرکاری و ئاگادارکردنەوە و هێنانەوەجێ و ڕەوشتدادان ئەوەی لە پاکییە . ( ٢تیمۆتاوس٣ : ١٦ ) .

٤. بەهێز دەبیت لەگەواهیدان بۆ مەسیح :

**كاتێك ئێوە ڕۆحی پارساتان بەسەردا ئاوێتە دەبێ هێز بەدەست دەهێنن و دەبنە گەواهیدەری من لەئۆرشەلیم و هەموو جولەكەستان و سامیرە تا ئەوپەڕی زەوی . ( كردار١ : ٨ ) .**

٥. هێزی خودات دەبێت تاكو لە تاقیكردنەوەكان سەركەویت بەسەر هەموو گوناهێك :

**توانام هەیە هەموو شتێك بكەم بەهۆی مەسیح ، ئەوەی بەهێزم دەكات . ( فیلیپی٤ : ١٣ ) .**

**لەكۆتاییدا .. گرنگی وارگە .. لەبیر نەكەیت ...**

## گرنگی وارگە

زۆر گرنگە بچیتە پاڵ خەڵکی باوەڕدار ئەوانەی عیسـای پەروەردگاریان قەبـووڵ کردووە وەکو ڕزگاریدەرێکی خۆیان ، بڕۆ بۆ هەر وارگەیەك ( کەنیسە ) کە باوەڕدارانی لێیە و ووشەی خودایان خۆش دەوێ و گوێڕایەڵی دەبن ، پەیوەندی بە وارگەوە بکە و بەردەوام بە لەسەر کۆبوونەوەکانی .

واز لەکۆبوونەوەکانتان مەهێنن ، هەروەك هەندێکتان لەسـەری ڕاهاتوون ، بـەڵکو یەکتری هان بـدەن ..... ( عیبرانیەکان۱۰ : ۲۵ ) .

کاتێك پشکۆکانی خەڵوز پێکەوەن گڕ دەگرن زیاتر دەگەشێنەوە ، گەر پشـکۆیێکیان لێ جیا بـکەیتەوە خێرا ئاگرەکەی دەکوژێتەوە ، بـەهەمان شـێوەش زۆر زەحمەتە خۆت بـەتەنها ژیانێکی بـاوەڕدارانە بـژی ، بـە دوورە پەرێزی لە خوشك وبرای باوەڕدار .

گەر ئەم نامیلکەیە یارمەتی دای و سوودت لێ وەرگرت .. تکات لێ دەکەم بیخوینەوە و بیدە بە کەسێکی دیکە .

کاتێك ڕۆحی پارساتان بەسەردا ئاوێتە دەبێ ، هێز بەدەست دەهێنن و دەبنە گەواهیدەری من ( کردارا : ۸ ) .